# ژیان زۆری نەماوە  بۆ مردن

حەمەشوان شەریف
070606سوێد
Hamashwan1@hotmail.com

لێت دەگەڕێم   ، ! .
با تەنیاتر بیت لە من ،
تا خۆت و خەمەکانت
گرمۆڵەبن لە بەر ئەو بارانە بەخوڕەدا ،.
دوای تەواو  تەڕبوونت
بۆنی باران ئەگریت   و
وەک گیایەکی عاجزی بەر هەتاو
مل دەنێی بە سنگی ئەم * لەیلووکەوە
کە پێی ئەڵێن ژیان ، .
ئەزانم
خەم و
نیگەرانی  لەتی کردویت وو
ناتەوێ بڵێ یی بەم ژیانە ڕەنگ زەردە
من ، منی ئێوارەیەکی هەڵووەریوی
بێفرین   دۆڕام  بە مردن  ! ،
لای تۆ ...
ژیان هەناسەیەکی نەماوە بۆ مردن ،.
کە چی جەنگ هەر بەپێوە دەکەیت و
بە نیوەی لەشەوە بە بزەوە لە مردن ئەڕوانی   !.
یان  ....
دێت و
دێ ی
خۆت لەباڵی بێدەنگی هەڵدەسوو یی و
چرپەیەک نادرکێنی بۆ لقەکانی دارگێلاس
تا گرێی خەونێکت بۆ بکاتەوە و
لە ژێرسێبەری گەڵاکانیدا
گوێ بۆ ئەو ئاوازانە قوڵاغکەی
لە مناڵیتا ئەتچڕین   .!.
تۆ کە دەزانیت ،
شەلاڵ بووی لە گومانی ژەنگاوی ژیان
ئەو دەرگایە بۆ ئەکەیتەوە

**کەباران نەیەوێت خۆی بەپەنجەرەکەتا بکێشێ . ! .**
**بەڵام ...**
**با ی ناسکتیرین ڕەنگ**
**هات و تۆو یی خونجەکانتی *ڕفاند .**
**دەتزانی ، تۆ**
**کە هەرزەبوویت**
**بێدەنگترین چۆلەکەبوویت و**
**دڵت بەهیچ چڵێ نەدەکرایەوە**
**لە سەری بخوێنیت ،**
**لەبیرمە ..**
**تا گەڵایەکی سەوزبمایە بەدارەوە**
**لە ماڵ دوور نەدەکەوتیتەوە**
**ئێواران کە ئارەزووی گریانت دەهات**
**تێر تێر ئەگریایت بەسەر باڵای وردوخاشتا ،**
**بۆ بەیانی بیزاردەبوویت**
**لەخۆری سەربانە گەڕۆکەکان و**
**هەڵئەستایت**
**دەمبینی گریان بەسەرینەکەتەوە لکابوو ! .**
**ئەو فرمێسکانەت**
**تەنیا نیشانی تەنیایدا و**
**بە بەڵێنەوە بەس بۆ بەفری بگێڕێتەوە .**
**/ ئەی تۆ !**
**ئەی ئەو * ڕووناکیەیی * ە ی**
**شەقام شەرم لە تەوێڵی ئەتکا**
**کە تۆ ی ئەبینی بە دوڕیانێکیا تێپەڕئەبی !>**
**دەمبینی !**
**سنەوبەر بەو هەموو سەوز ییەیەوە**
**دەنوشتایەوە بۆ سڵاوێکت**
**دەیزانی ڕووانینت لەو سەوزترە .!.**
**هیوات بە قاچێکەوە ناشەلێ ،**
**گیرفانت پڕە لە نامەی ڕەنگی مۆر ی دڵداری !.**
**بەیانیەکی سازگاریش * دەهاتە دەر**
**ئەوەشم دەزانی کە**
**دڵدارەکەت کە بەفر بوو**
**لە بەردەم دەرگاکەتاندا خۆی ڕاخستبوو**

بەدیار نیگایەکتەوە
وەخت بوو لەتاوت دا ببێ بەئاو
بۆ ماسیەکانی کۆڵانەکەیان ،
بەڵام ، هەر کەدەر دەکەوتی
سوری ڕوومەتی ئەو و ڕەنگی خوێنی ئەو ژووانە
تا کە درەخێکی بێ هاوتابوو
بۆ یادگاریت ئەی ڕووناکی ./
دە بڵێ ! با لە داخی تۆدا
لەوەزیاتر بە مردنەوە نەنووسێم ،
بڵێ
منیش دۆڕاوێکی ئەم ژیانە سەر تاشراوەم
با شەرم لەوە زیاتر هەڵتنەگوڵۆفێ ،!.
دەسخەڕۆمان مەکە ئەی ژیان لەڕووناکی ،
تۆ ئەمئێساکە
هەر دڵتەنگیت و
لە دۆڕاویش نا بەیتەوە .!.
با
با گەڕایەوە بۆلات
لەکاتی تورەبونیدا دەهات
بەدەم گڤەوە دەگریاو
چاوی بۆ ئەو کچە دەگێڕا یەکەم جار دارستانی
چاوتی *ئاوردابوو
با بەس خۆی نیشانی تۆدەدا !
بەو پەڕی عیشقەوە
تا بلۆی ڕوخساری بەفری
وەبیر دەهێنایتەوە ،
کە تۆ عەیامێکە *ناڵییانە عیشقی *بەفر بوویت .!.
بۆ تۆی مەزن و میهردار و دڵدار
بەفر بە لەشی خۆی
پۆترێتێکی ناسکتری لەئاو
بۆ دەکێشایت و
لە چۆڵەوانیەکدا بەخوێنی چاوی بۆی دەنووسیت
هەتاوی ڕووناک من تۆم خۆشدەوێت
دەزانم تۆی مەزنی دڵ لەبەرد
دوای چەند ڕۆژێک لەتێربوونی ماچ و تێکرژان

**دەمتوێنیتەوە ،.**
**تا منی بەفر و**
**تۆی هەتاوی تەنیا هەر تەنیاو خۆویست**
**لە وەرزی مردنی گەڵاکاندا**
**لەڕێگەی پۆستەوە دووموشت گومان و**
**دوودێڕ لە گریان بۆ ماڵی با بنێرین ،.**
**گرێ ی با ش بەس لای تۆ دەکرێتەوە**
**دەنا بۆ هەر خۆی نیشانی تۆ دەدات .!.**
**ئێستاش**
**تۆش دەخوازیت بە پێوە بمریت !**

**بەبیرمە کەمناڵبووم**
**ڕووناکی لەگەڵ بادا ئەگەڕا و**
**سێبەریان لە ڕەش پێستێکی بێنان دەئالاند و**
**سەرسەختانە هەژاریان دەکردوو**
**لەژێر شانی باراندا**
**دەپاڕانەوە لای ژیان .،.**

**ئەی ڕووناکی ژیان ،**
**هەناسەکانت بۆنی گومان و**
**مردنی لێدێت !؟.**
**جارێک مەمرە**
**سەوزتر لە سنەوبەر !**
**مەمرە**
**لە داری پرتەقاڵ جوانتر !**
**یەکەمین هاوڕێ ی با**
**جارێ مەمرە**
**ژیان.....**
**ماویەتی،،،،**
**بۆ مردن .......**